# ڕۆژهەڵات

فرهنگی اجتماعی سیاسی اقتصادی

Rojhelat Independent Weekly

دوشنبه ۲۱ شهریور ۱۳۸۴ ■ ۷ شعبان ۱۴۲۶ ■ ۱۲ سپتامبر ۲۰۰۵

سال دوم ■ شماره‌ی ۳۹ ■ ۱۶ صفحه ■ ۱۰۰ تومان


## قانون اساسی مترقی

تلاش برای تجمیع خواسته‌ها و مطالبات گروه‌های سیاسی در پیش‌نویس قانون اساسی عراق، این قانون را به محور بحث‌ها و مناقشه‌های فراوانی تبدیل کرده‌است.



مطمئناً بررسی قانونی که در آینده منشأ تحولات بسیاری در کشور عراق و منطقه‌ی خاورمیانه خواهدشد خالی از لطف نخواهدبود، به خصوص این که یکی از اصلی‌ترین گروه‌های حاضر در عرصه‌ی سیاست عراق، کردها هستند...

صفحه‌ی ۳

## کردها و قانون اساسی عراق

در هفته‌های گذشته کشور عراق و منطقه‌ی خاورمیانه یکی از سخت‌ترین جدال‌های مدنی برای تقسیم قدرت را پشت سر گذاشت؛



تقسیم قدرت در کشوری که در چند دهه‌ی گذشته گفتمان‌حاکم بر سیاست آن جز جنگ، نسل‌کشی، دیکتاتوری و ناامیدی چیزی نبوده‌است. تنظیم و انتشار پیش‌نویس قانون اساسی عراق، اضطراب و بی‌ثباتی ...

صفحات ۸ و ۹

### تاڵەبانی لە ئەمریکا سەبارەت بە دۆخی سیاسیی عێراق ڕایگەیاند:

# شەڕی ناوخۆ هەرگیز



جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال سەردانی ئەمریکای کرد و وتی: ئەگەر ڕەشنووسی دەستووریش ڕەت بکرێتەوە شەڕی ناوخۆ لە عێراق روونادات.

تاڵەبانی ڕۆژی هەینی ۱۸ی خەرمانان لەگەڵ کۆمەڵێک وەزیر و کاربەدەستی کورد و عێراقیدا گەیشتە ئەمریکا بۆ دیدار و کۆ بوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا و هەروەها بەشداریکردن لە کۆ بوونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، کە بریارە سەرۆک کۆماری ئێرانیش بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بێت و ئەگەری دیداری سەرۆک کۆماری ئێران و عێراقیش لەوێ زۆرە. بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تاڵەبانی ڕۆژی هەینی وتەیەکی لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەداران و لێکۆڵەرەوە ئەمریکاییەکان پێشکەش کرد و وتی: «عێراقییەکان سوورن لەسەر بەردەوامبوون لە بنیاتنانی عێراقی ئازادی فرە لایەنی فیدرالی کە بنەماکەی دیموکراسی بێت».

دواتر سەرۆک کۆماری عێراق لەگەڵ دۆناڵد رامسفێلد؛ وەزیری بەرگریی ئامریکا کۆبووەوە و کۆنگرەیەکی...

بڕوانە لاپەڕەی ١٥



فرهنگ



سیاسی



جامعە



ئەدەب



اندیشه



تیۆر


## نۆهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

لاپەڕەی ١٦

## اعلام موجودیت جبهەی متحد کرد

صفحەی ۷

## کۆچ وەک پرسیارێکی فەلسەفی

لاپەڕەی ١٠

## نارضایتی اروپایی‌ها از عضویت ترکیه

صفحەی ۷

## سیاسەت لە پەروایزی داهێناندا

لاپەڕەی ١٣

## اتحاد احزاب کرد سوریه

صفحەی ۷

## ئوستوورە لە ژیانی ئەمرۆدا

لاپەڕەی ١٤

## کیفرخواست ایران علیه صدام

صفحەی ۳


## عێراقی یاسادار

رەزا عەلی‌پوور

١ سەرەنجام دەهەمین یاسای بنەڕەتیی عێراق ئامادەکرا، ئەوەی پێوەندە بەو ڕەشنووسەوە، نووسین و دارشتنی یاسا بۆ وڵاتێک کە لە دۆخی «نایاسا» و نەبوونی یاسایەکی دیموکراتکیدا ژیا بوو، سەرکەوتنێکی حاشا هەڵنەگرە. سەرەرای ئەوەی ناوەرۆکی یاسا لە زانستی سیاسی و حقووقی و تەنانەت لە بەشێکی فەلسەفەی سیاسیدا ئەو رەهەندەیە کە گرنگیی تایبەتی پێدراوە، بەڵام نووسین و نەفسی خودی یاساش لە ئێستەی عێراقدا دەتوانێ دەرخەری هەندێ لایەن بێت، ئەویش کاتێک سیاسی بوون و ئامادەیی و نائامادەیی یاسا لەلایەن بیرمەندانێکی وەک جۆرجۆ ئاگامبێن و ئالێن بەدیۆو... بیرمەندانی سەربەسوننەتی رادیکاڵ (بەسەرنجدان بە پارادایمی سیاسەتی ئەمڕۆیی) لە گەشەسەندندایە.

٢ ئەگەر لە روانگەی بیرمەندانێکی وەک ئاگامبێنەوە سەیری مێژووی عێراق بکەین تێدەگەین عێراق بەزۆری وڵاتێکی «نا - یاسا - دار» بووە، ئەم «نا - یاسا - دار»ییە ئەوکات مانای خۆی وەردەگرێ کە بزانین ئەوەی لە عێراقی سەردەمی سەدامدا ناوی یاسا بوو، بابەتێکی تەعتیل کراو، مۆلەق و هەڵواسراوبوو. لە روانگەی کارل ئێشمیتەوە یاسا بەبیانووی دۆخی نائاسایی و شازەوە «the state of emergency/exception» مۆلەق دەکرێت و ئەو کەسەش توانای راگەیاندنی ئەودۆخەی هەیە حاکم و دەسەڵاتدارە، یان باشتر بوترێ لای ئێشمیت «حاکم کەسێکە کە توانای راگەیاندنی دۆخی نائاسایی هەیە». بەڵام لەبەرئەوەی دۆخی نائاسایی و کاتەکەی، بابەتێکی لێڵ و نادیار و بگۆڕە و راگەیاندن و رانەگەیاندنیشی تەنیا لەدەستی حاکمدایە، ناتوانین هێڵێک لەنێوان دۆخی نائاسایی و ئاساییدا بکێشین مەگەر لە هەندێ دۆخی بەتەواوەتی نائاساییدا.

٣ راستە لە سەردەمی سەدامدا یاسا ئامادە بوو، بەڵام حاکم (سەدام) لەبەر کۆمەڵێک کێشە و هەندێجاریش بە شێوەیەکی دەستکرد، دۆخی شاز و نائاسایی (لێرەدا بە مانای مۆڵەق کردنی یاسا و پشتگوێ خستنی) دەسەپاند. بە گەڕانەوە بۆ پێوەندیی کورد و سەدام دەکرێ بڵێین ئەوەی لەم پێوەندییەدا دەبینرێ مۆلەق کردن و راوەستانی یاسا بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتدار بە جەعل و قەڵباندنی دۆخی شاز، هەر فرمانێک کە دەیویست دەر بکات، راستییەکەشی ئەوەیە ئەنفال و هەڵەبجە و... بە سازدان و وێنا کردنی دۆخی نائاسایی و هەڵواسین و مۆلەق کردنی یاسا لەسەر سنووری بزۆز و بگۆڕی ئەمری سیاسی و یاساییدا دەیتوانی روو بدا. ئەمە بەو مانایە کە بە جەعل و نیشاندانی دۆخی شاز، حاکم (سەدام) دەیتوانی (نەک توانایەک کە یاسا پێی دابێت) هەموو کونوانسیۆن و یاسا و رێسایەک رابگرێت و ئەوی پێی خۆش ببوایە، بیکردایە، ئەمەش خۆی پارادۆکسێکی یاسا و دۆخی شاز و نائاساییە کە حاکم لە دەرەوە و لە ناوەوەی یاسادا لە هاتووچۆدایە. هەڵبەت گرنگە ئەمەش بزانین وەک ئێشیمت دەڵێ «دۆخی نائاسایی بە مانای ئانارشیزم و ئاژاوە نییە و لێی جیاوازە، بەردەوام دیسپلین و نەزمێکی تێدایە ئەگەرچی نەزمێکی یاساییش نەبێت». لێرەوە تێدەگەین لە عێراقی سەردەمی سەدامدا ئەوەی ئامادە بوونی نەبوو، یاسا بوو چونکوو دۆخی شاز و نائاسایی، لە حاڵەتی دەگمەن و تاقانەییدا نەبوو، بەڵکوو وەک رێسایەک بەردەوام دۆخی نائاسایی (شەڕ و کوشتن و...) بەرهەم دەهات. وێدەچێ ئەگەر یاسا ناوەرۆکێکی نزیکە و دیموکراتیکشی ببوایە لە خۆی خاڵی دەکرایەوە و بەردەوام بە بیانووی جۆراوجۆرەوە کەهەموویان داتاشراوبوون «ناوچەیەکی نا یاسایی» بۆ حاکم لە یاسادا دروست دەکرا.

٤ وەک ئێشمیت نیشانی داوە دۆخی شاز و نائاسایی لەسەر بنەڕەتی دووانەی دۆست/ دوژمن دەوەستێ، دیارە ئەم دوژمنە کێ بێت ئەمە تۆ نیت وەکوو کوردێک کە دیاریی دەکەیت، یان چ سزایەکی ببێ ئەمە خودی حاکمە کە دیاریی دەکا، نەک یاسا و قورسایی تاوانەکەت. رەنگە لێرەدا پێمانوابێت ئەم حاڵەتە تەنیا تایبەتی دەسەڵاتدار و کەسێکی دیکتاتۆر و حاکمێکی دیسپۆتیستە، بەڵام وەک ئاگامبێن دەڵێ دۆخی شاز تەنیا تایبەتی دیکتاتۆری نییە کە بە یاسایەکی نامرۆڤانەوە هەڵدەستێ، بەڵکوو فەزایەکی «خاڵی کراو» لە یاسایە کە ئەکرێ لە حکوومەتی دیموکراتیکیشدا روو بدات، وەک هەڕەشەی دەرەکی و تیرۆریستی بۆسەر ئەمریکا کە یاساڵەوێدا بۆ نموونە سەبارەت بە زیندانییەکانی گوانتانامۆ مۆڵەق دەبێت، بۆیە دەبینین مۆڵەق بوونی یاسا «institum» و چوونە ناو هەرێمی «نا - یاسا» وە ئەکرێ لە هەناوی یاسایەکی دیموکراتیکیشدا رووبدات.

٥ وەک وترا سەدام زیاتر جەعل و قەڵباندنی دۆخی نائاسایی و...

بڕوانە لاپەڕەی ١٥


